# ئەگەر چاکەکار بێت، دەڵێت: پێشم بخەن، پێشم بخەن، وئەگەر چاکەکار نەبێت، دەڵێت: چی تیاچوونێکە! بۆ کوێی دەبەن؟

لە ئەبی سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «کاتێک جەنازە لەسەر دارتەم دادەنرێت وخەڵکی لەسەر شانەکانیان هەڵیدەگرن، ئەگەر چاکەکار بێت، دەڵێت: پێشم بخەن، پێشم بخەن، وئەگەر چاکەکار نەبێت (خراپەکار بێت)، دەڵێت: چی تیاچوونێکە! بۆ کوێی دەبەن؟ هەموو شتێک دەنگی دەبیستێت جگە لە مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ گوێی لێبێت لەهۆش خۆی دەچێت».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر جەنازە لەسەر دارتەم (تەرمهەڵگر) دابنرێت، وپاشان پیاوان لەسەر شانیان بیبەن بەرەو گۆڕستان؛ ئەگەر چاکەکار بوو ئەوا دەڵێت: بەپەلە بم بەن، چونکە دڵخۆشە بەو نیعمەت وخۆشیەی دەیبینێت لە بەهەشتدا، وئەگەر چاکەکار نەبێت (لە خراپەکاران بێت) ئەوا دەڵێت: ئەی تیا بچم، ئای چی سزایەکە، بەهۆی ئەو سزایەی دەیبنێت، بۆیە حەز ناکات بیبەن بەرەو گۆڕستان بیبەن، وهەموو بوونەوەرەکان گوێیان لە دەنگی دەبێت جگە لە مرۆڤ نەبێت، ئەگەر مرۆڤ گوێی لە دەنگی بووایە ئەوا لەهۆش خۆی دەچوو یان تیا دەچوو بەهۆی ئەو دەنگ وهاوارەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3554

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee